


# دەنگێکی ئاشنا بانگم دەکات



**بەشی دووەم و کۆتایی**

**سۆز رەشید**

ناکۆکیەکانی نێوانمان لەدوای ئەو تەلەفۆنەوە دەستی پێکرد، هەرچەندە من راستی رووداوەکەم بۆ شووەکەم گێڕابۆوە، بەڵام ئەو باوەڕی پێم نەدەکرد.. دڵپیسی کەوتبووە نێوانمانەوە. ماوەیەک تەلەفۆنەکەم داخست، سوودی نەبوو، شووەکەم دڵی لێم کرمی ببوو، چاودێری دەکردم. هەوڵی دەدا لە رێگەی خوشکەکانی خۆیەوە نهێنیم لێوەربگرێ. منێک کە هیچ نهێنیەکم نەبوو، خۆیشم ئەو کەسەم نەدەناسی کە تەلەفۆنی بۆم کردبوو، چۆن دەمتوانی ناوی بڵێم! نەدرکاندنی ناوی ئەو کەسە کێشەیەکی زۆری بۆم نایەوە، تەنانەت خوشکەکانی خۆیشم باوەڕیان پێنەدەکردم، هەرگیز باوەڕیان بەو قسەیە نەدەکرد کەسێکی نەناسیاو لەخۆیەوە، لە هەندەرانەوە تەلەفۆن بۆ ژنێکی نەناس بکات. خۆشم لەگەڵ خۆمدا بەگومان کەوتبووم، چۆن دەکرێ کەسێکی نائاشنا کاتی خۆی بگرێ و پارەی خۆی بەفیرۆ بدات و نەشمناسێ.

رۆژ دوای رۆژ نێوانی من و شووەکەم تیرەتر دەبوو، هەستم دەکرد دەیەوێ وازی لێبهێنم و لێی جیا ببمەوە. زۆر جاران توانجی لێدەدام و راشکاوانە نەفرەتی لە خیانەتکار و بێوەفایان دەکرد. من لەیەک کاتدا هەم بێتاوان بووم و هەمیش تاوانبار، هەم وەفاداربووم و هەمیش خیانەتکار. لە کۆمەڵگەی ئێمە دا رەوا نیە ژنێک قسە لەگەڵ کەسێکی نەناسدا بکات. رەوانیە ژنێکی هاوسەردار پێوەندی هاورێیانە و دۆستانە لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا ببەستێ. من ئەو کەسەبووم کە بەبێ مەبەست لە رێگەی تەلەفۆنەوە قسەم لەگەڵ پیاوێکی بیانیدا کردبوو. ئەگەر دەمگوت: نایناسم، باوەڕیان نەدەکرد، ئەگەر دەمگوت: دەیناسم، درۆم لەگەڵ خۆمدا دەکرد. من لە دووڕیانی زەلکاوێکدا چەقیبووم، هەموویان سەرکۆنەی منیان دەکرد. من هەستم بە پەشیمانی دەکرد و داوای بووردنم لێدەکردن، ئەوان گاڵتەیان پێ دەکردم و بە درۆزنیان دادەنام. ئیتر خولیای دۆزینەوەی ئەو کەسەم لەلا گەورەتر بوو. وای لێهات بە دزییەوە تەلەفۆنەکەی خۆم رۆشن دەکرد. ئیتر تەلەفۆنەکان پەیدابوونەوە، من هەم داوای ناسینم لێکرد و هەم کێشەکانی خۆم بۆ باس کرد. ئەو هەزاران سوێندی بۆ خواردم، سۆز و پەیمانی خۆشەویستی بۆ هەڵرشتم. بەڵێنی پێدام ئەگەر جیاببمەوە، ئەو دێتەوەو دەمخوازێ. من کە هێشتا ناویم نەدەزانی و خۆی و بنەماڵەکەیم نەدەناسی، چۆن دەکرا سۆزی خۆشەویستی و بەڵێنی زەماوەندی پێبدەم. ئەو پێداگری لەسەر خۆئاشکرانەکردن دەکردەوە، پەیمانی ئەڤین و زەماوەندی پێدەدام.

راستیەکەی، شووەکەم بەرانبەر من گۆڕابوو، منی لە دڵی خۆی دەرهێنابوو، لەبەر زۆری مارەیی تەڵاقی نەدەدام، ئەو چاوەڕوان بوو کە من داوای جیابوونەوەی لێبکەم و دەست لە مارەیی هەڵبگرم. سێ سەد میسقاڵ ئاڵتوون یەکجار زۆر بوو. ئەگەر ئەو داوای جیابوونەوەی بکرادایە، دەبوایە مارەیی و ناوماڵەکەم بداتێ، ئەگەر من داوای جیابوونەوەم بکرایە، ئەو بێ زیان دەردەچوو. ئاکام هەر ئەوەم بۆ مایەوە کە داوای جیابوونەوەی لێبکەم. بەر لەوەی جیاببمەوە لە رێگەی تەلەفۆنەوە ئەو کێشەیەم بۆ باسکرد، ئەو لەخۆشیانا زۆر نەمابوو باڵ بگرێ. ئەو گوتی: سێ مانگ دوای تەڵاق وەرگرتنت دێمەوەو خوازبێنیت دەکەم، بەڵام دیسانەوە ئامادەنەبوو خۆی ئاشکرا بکات. من داوای وێنەم لێدەکرد، ئەو دەیگوت: من کتومت لە فەرهادی ئامۆزات دەچم. ئیتر دڵنیابووم کە ناسیاوی خۆمانەو هەمووممان دەناسێ.

ئەو رۆژەی تەڵاقنامەم وەرگرت، بەخێرایی گەڕامەوە ماڵی باوکم، زارای خوشکم پێیگوتم کە چەندین جار زەنگی تەلەفۆنەکەت لێیداوە، ئێمە هەڵمان گرتووە، ئەو دایخستوتەوە، وابزانم کابرایە!! بەدیار تەلەفۆنەکەوە دانیشتم. چاوەڕوان بووم، هەواڵێک نەبوو. لێم بوو بە مەراق، کاتژمێر ٢ی شەو زەنگی تەلەفۆن رایچڵەکاندم، بەڵێ خۆی بوو، ئەو کەسەبوو کە من لە پێناویدا جیاببوومەوە. ماوەیەک قسەی بۆکردم، داوای لێکردم کە بەیانی بچم لە نووسینگەی(....) بڕی هەزار دۆلار وەربگرم. من لە دڵی خۆمەوە دەمگوت ( ئەگەر بەیانی قسەکەی راست دەرچوو، کەواتە عاشقی منەو درۆم لەگەڵدا ناکات). ئەو شەوە لەنێو هەزاران لێکدانەوەی سەیردا خزامە نێو پێخەفەکەمەوە. بەیانی درەنگ بەئاگاهاتم، نەمدەزانی لای خوشکەکانم باسی بکەم یان نا، هەرچۆنێ بوو بەهاورێیەتی زارای خوشکم چووین بۆ نووسینگە، هەزار دۆلارەکەم وەرگرت. لەوێوە ناوی کەسەکەم بۆ ئاشکرابوو. ئیدی رۆژانە چەند کاژێرێک بەیەکەوە دەدواین. هەستم بە جیابوونەوە نەدەکرد، بەرەو ژیانێکی نوێ خۆم ساز دەکرد. سێ مانگ بەسەر جیابوونەوە گوزەرا. لەکاتی دیاریکراودا هاتەوە. بەر لەوەی بنێرێتە خوازبێنیم چەند جارێک لە شوێنی تایبەتدا یەکترمان بینی. زۆر بەرێزەوە رەفتاری دەکرد. هەستی هەرزەکارانەی نەبوو، هەڵپەی باوەشی ژنی نەدەکرد. خۆشەویستی و دڵسۆزی بەسەردا دەباراندم. ئیتر لە جیهانێکی دیکەدا دەژیام.

بەر لەوەی بۆ هەندەران بگەرێتەوە، خزمانی خۆی ناردە خوازبێنیم. من لە چاوانی ئەوەوە سەیری هەموو جیهانم دەکرد. هەرچەندە ماڵی کۆنە شووەکەم لە شوێنان زەمیان دەکردم و بە خیانەتکار تۆمەتباریان دەکردم، بەڵام زۆربەی کچان ئیرەییان پێدەبردم، ئاواتیان بە دوارۆژی منەوە دەخواست. خزمانی ئێمە هەموو رازی بوون، تەنیا خوشکە گەورەکەم دژبوو، ئەو پێیوابوو نابێ ئەو زەماوەندە لەگەڵ کۆنە دراوسێیەکی خۆماندا سەربگرێ. جاران ماڵی ئێمەو ئەوان دراوسێ بوون، بەڵام ماوەی هەشت ساڵ دەبوو کە ئێمە بارمان کردبوو، لەو گەڕەکە دوور کەوتبووینەوە. من نەمدەزانی بۆچی خوشکە گەورەکەم دژی زەماوەندی ئێمەیە!!

زۆر بەپەلە شەکراومان خورایەوەو بۆندەی هاوسەرێتیمان بەست. زەماوەندمان کرد. ماوەی ١٠ رۆژ بەیەکەوە بووین، ئەو بەرەو هەندەران گەڕایەوە، بەڵێنی پێدام کە دەچێتە تورکیا و سەردانی سەفارەتی وڵاتەکەی دەکات و لە ژنهێنانەکەی ئاگاداریان دەکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەک وێنەی جوانی برد کە بەیەکەوە گرتبوومان، کاسێتی ڤیدیۆیی تۆمارکراوی زەماوەندەکەشی برد. ئەو رۆیشت و منیش بە گورزێ هیواوە لەماڵ مامەوە.

تا لە تورکیا بوو چەند رۆژ جارێک تەلەفۆنی بۆ دەکردم، بالام کاتێ گەڕایەوە شوێنەکەی رۆژانە بە تەلەفۆن ئاگامان لەیەکتر هەبوو. هیواو حەزەکانی من لەنێو قسەکانی ئەودا گەورە دەبوون. ئەو خەریکی کارکردن بوو، دەیگوت( دەبێ پارەیەکی باش پەیدا بکەم، تا ماڵێکی کەموێنەت بۆ دابنێم) منیش خەونم بەو ماڵەوە دەبینی. خۆم بۆ سەفەر ئامادە دەکرد. بەردەوام سۆراخی دەرچوونی ئیقامەی خۆمم دەکرد. ئیقامە لێم ببوو بە هەوری ئاسمان و دەستم پێی رانەدەگەیشت، دوور و دوورتر دەکەوتەوە. ماوەی ١١ مانگ لە چاوەڕوانی ئیقامەدا تلامەوە. دوای ئەوە هەستم کرد وردە وردە خۆی دەدزێتەوە. وەکو جاران تەلەفۆنم بۆ ناکات. بێزاری و نارەزایی دەردەبڕێ و پاکانە بۆ خۆی دەکات و بەرێوەبەرێتی پەنابەران تۆمەتبار دەکات. ئیتر هەستم بە تەنیایی دەکرد، داوام لێکرد ئەگەر بۆ هەفتەیەکیش بێت، سەردانم بکات. ئەو بێدەستەڵاتی خۆی پێشان دەدا و بیانۆی کارکردنی دەهێنایەوە.

لەو ماوەیەدا کەسێک لە خزمانی ئێمە هەستیان بە ئازارەکانی من نەدەکرد، ئەوانیش چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە رۆژێک ئیقامەم دەردەچێ و لەدۆزەخی بێ ئاوی و بێ کارەبایی دەربازم دەبێ. بەڵام هەرکاتێ خوشکە گەورەکەی خۆمم دەبینی ، نائومێدیم لەنێوچەوانی دەخوێندەوە. ئەو خەمی بۆ دەخواردم و دوعای خێری بۆ دەکردم. من تێنەدەگەیشتم بۆچی دوعای خێرم بۆ دەکات و لە خوا دەپاڕێتەوە کە دوارۆژم رووناک بکاتەوە!!

هێواش هێواش هیواو ئاواتەکانم بەرەوکزبوون دەرۆیشتن، من گلەییم لە بەختی رەشی خۆم دەکرد و فەرمانبەرانی بەرێوەبەرێتی پەنابەرانم بە رەگەزپەرست دادەنان و تۆمەتبارم دەکردن. شووەکەم، ئەوەی جاران لە خۆیەوە لە نیوەشەواندا تەلەفۆنی بۆ دەکردم و پەیڤی خۆشەویستی بۆ هەڵدەرشتم و پەیمان و سۆزی دڵبەندی پێدەدام، بەبیانۆی ماندوویی و کارکردنەوە خۆی لە تەلەفۆنەکانی من دەدزیەوە. وایلێهاتبوو ئەگەر هەفتەی جارێک بەختی ئەوەم بەرکەوتایەو قسەم لەگەڵدا بکردبایە ، وامدەزانی هەنگم لە دارا دۆزیوەتەوە. ئیدی لەناخەوە دادەڕووخام، بەرەو نائومێدی شۆڕدەبوومەوە. خۆشم نەمدەزانی بۆچی هەرەس لە ناخمدا چەکەرەی دەکرد. هەندێ جار بە وشەی شیرین لێی دەپاڕامەوەو داوای گەڕانەوەم لێدەکرد.. هەندێ جاریش تووڕەدەبووم و هاوارم دەکرد، کاتێ من تووڕە دەبووم، دەبوایە ئەو دڵم بداتەوەو هێورم بکاتەوە، کەچی ئەویش تووڕەدەبوو، تەلەفۆنەکەی بەرووم دادەخستەوە. جارێکی دیکەش ناخۆشی یەخەی گرتمەوە. ئیدی رووم نەدەهات سەردانی ماڵە خزمان بکەم، چونکە هەواڵی ئیقامەو سەفەرکردنیان لێدەپرسیم، من وەڵامێکم پێنەبوو. لەو کاتانەدا تەنها خوشکە گەورەکەم بوو کە دەهاتە لام و دڵنەوایی دەکردم. خەمی بۆ دەخواردم و رێنوێنی دەکردم. من پێشتر بە قسەی ئەوم نەکردبوو، هەستم بە شەرمەزاری دەکرد.

کاتێ هەستم کرد رێگەکەم درێژد ەبێتەوە، لەسەر راوێژی شووەکەم، ماڵەکەی خۆم بۆ ماڵی دایکم گواستەوە، ئیدی لە ژوورێکی قاتی دووەمدا بەخەیاڵی هاتنەوەی شووەکەم رۆژو شەوانم لەسەر یەکتر کۆدەکردنەوە. هەندێ جار سەردانی ماڵی خەسووم دەکرد، بەڵام ئەوانیش هێواش هێواش بۆنی نامۆییان لێدەکردم. من ئومێدم لەسەر شووەکەم هەڵچنی بوو، کەچی ئومێدەکان بەردەبوونەوەو ئاوریان لێمنەدەدایەوە. وردە وردە بەرەو گۆشەگیری هەنگاوم هەڵدەهێنایەوە. حەزم دەکرد کەسێ نەبینم و کەسیش نەدوێنم. خزمەکانم لە رازی نەهاتنەوەی تێنەدەگەیشتن، لەملاو لەولا قسەیان فڕێ دەدا. قسەکانی ئەوان لافاوێکی بەخوڕبوون، رایان دەماڵیم. جارێکی دیکەش لە باوەشی ترس و گومان دەگیرسامەوە. گومانەکان گەورەدەبوون. هەستم بە تەنیایی دەکرد. خزمەکانی شووەکەم سەردانیان نەدەکردم، بەرەو دابڕان دەرۆیشتین، تەلەفۆنەکان کورت و کەمتر دەبوونەوە. ناردنەوەی پارەش بەرەو کوژانەوە دەچوو. من خۆم ئەو کارەم کردبوو. لەخۆم رانەدەدیت کە گلەیی بکەم و بێزاری دەرببڕم. تەنیا نزاو پاڕانەوەم بۆ مابۆوە. شەوێکیان خوشکە گەورەکەم بەسەردان هاتبۆوە ماڵی باوکم، بۆ خەوتن هاتە ژوورەکەی من. کاتێ منداڵەکانی خەوتن، بەجووتە ماینەوەو کەوتینە دەردەدڵ کردن. تا ئەو کاتە نەو نهێنیەم نەزانی بوو، ئەو پێی گوتم :( من نامەوێ بێ ئومێدت بکەم، بەڵام پێموایە ئەو کابرایە تۆڵەی خۆی لە تۆ دەکاتەوە. ئەو بەر لەوەی بچێتە هەندەران چەندین جار نامەی بۆ من ناردو داوای خۆشەویستی لێکردم، من پێی رازی نەبووم، کەسایەتی ئەوم بە دڵ نەبوو. سەرەنجام من شووم بە کەسێکی دیکە کردو وەڵامی ئەوم نەدایەوە، ئێستا کە خوشکی من بۆتە هاوسەری ئەو لێرەی چێهێشتووەو خۆیشی گەڕاوەتەوە هەندەران، هەوڵی راکێشانی تۆ نادات و ئامادەش نیە بێتەوە، من هەست بە ترس دەکەم، دەترسێم تۆڵەی خۆی لە خوشکەکەی من بکاتەوە). ئێمە لەو قسانە دابووین کە شووەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم، من دەمویست پڕ بەدڵ بیدوێنم و قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئەو لە کورتیدا بڕیەوەو پێی گوتم :

( سۆز من کاتی قسە کردنم نیە، بەیانی برۆ کافی نێت و سەیری ئیمایلەکەت بکە.. شەو شاد ).

بەیانی زوو لەخەو هەستام، دوای نانخواردن چووم بۆ کافی نێت، ئیمایلەکەم کردەوە، بەڵام چی...... ئەو لە جیاتی قسە خۆشەکانی، لەجیاتی دڵنەوایی کردن و لە جیاتی دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی، تەڵاقنامەی بۆ رەوانە کردبوومەوە.

# هەرزەکارە جگەرەکێشەکان دووچاری گرفتی لەشساغی دەبنەوە

**کامەران محەمەد**

تۆژەرانی ناوداری جیهانی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەو هەرزەکارانەی گیرۆدەی سیگارو مەیی و مادە هۆشبەرەکانی دیکە دەبنەوە، بە بەراورد لەگەڵ هاوتەمەنەکانی دیکەیاندا کە دوورە پەرێزی لە جگەرەو مەیی و مادە هۆشبەرەکان دەکەن. دووچاری گەورەترین گرفتی لەشساغی دێن.



دوای لێکۆڵینەوەیەکی درێژی ٩ ساڵە کە تێیدا ئەزموونکاری لەسەر شەش هەزار هەرزەکاری هەرێمەکانی کالیفۆرنیا ئۆریجۆنی ئەمریکا کراوە، بۆ ئەوەی فێرخوازانی فێرگە ناوەندییەکان لە سیگارو مەیی و مادە هۆشبەرەکانی دیکە بپارێزرێن، دەرکەوتووە کە ئەوانەی گیرۆدەی سیگارو مەی دەبن کاتێ دەگەنە تەمەنی ٢٣ ساڵی گرفتیان لێ دەردەکەوێ.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە ئەوانەی مەیلی جگەرەکێشان و مەیی خواردنەوەیان لە لا پەیدا دەبێت، ئاشمانی سەرکەوتنیان لە خوێندن کەم دەبێتەوە، دواتر گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان دەبن، کاتێ دەشگەنە تەمەنی٢٣ ساڵی گرفتی جەستەییان لێ وەدەر دەکەوێ. هەر بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە ئەو هەرزەکارانەی هاوسۆزییان لەگەڵ جگەرەو مەییدا هەیە بە ئاسانی بەرەو خراپەکاری شۆڕدەبنەوە، مەیلی دزی کردنیان لەلا دروست دەبێ، هەروەها کەمتەرخەمی لە دەوامی فێرگەو وانەکانیاندا دەکەن، زۆرترین کاتەکانی خۆیان لە ئاهەنگ و ژوانی دیتراندا بەسەر دەبەن، بەمەش جگە لەخۆیان کەسانی دیکە بەرەو گێژاوی سیگارو مەیی رادەکێشن.

ئاکامی خوێندنی ئەو هەرزەکارانە لەلایەن تۆژەرانی رێکخراوی راندکورب بڵاوکراوەتەوە (رێکخراوەکە مەبەستی قازانجی مادی نییە)، دەرکەوتووە کە هەرزەکارەکان بەرەو بەدڕەوشتی دەچن و لە ئەرکی مرۆڤایەتی دوور دەکەونەوە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە ١٦% لە فێرخوازە هەرزەکارەکان مەیلی جگەرەکێشان دەکەن، رێژەی ١٧% مەیلی مەی نۆشین دەکەن، ٤% بەرەو مادە بێهۆشکەرەکانی دیکە دەخزێن.

لێرەدا ئەرکی سەرپەرشتیارانی هەرزەکارانە کە بە وردییەوە رەفتارەکانیان چاودێری بکەن، نەهێڵن لەگەڵ کەسانی گیرۆدە بەو مادانە پێوەندی بگرن. تەنانەت ئەرکی دایک و باوکانە کە بەردەوام سەردانی فێرگەکان بکەن و لە منداڵەکانیان بپرسنەوە، پرسیاری ئامادەبوون لە پۆل، هاوکاری کردن لە وانەکان و ئاستی ئامادەییان بۆ فێربوون لە مامۆستاکانیان بکەن.

ئەمڕۆ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، هەرزەکاران زۆر بە ئاسانی و بەخێرایی زانیاری لەسەر دیتران پەیدا دەکەن، بەوهۆیەشەوە ئاشنای جۆرەکانی سیگارو مەیی و مادە هۆشبەرەکانی دیکە دەبن. هەندێک لەو هەرزەکارانە هەر لە رێگەی ئینتەرنێتەوە شوێنی بەدەستهێنانی ئەو مادانە دەدۆزنەوە، یاخود کاتی وەرگرتنی مادەکان لەگەڵ دیتران دیاری دەکەن. جا ئەگەر دایک و باوکان، یاخود سەرپەرشتیاران لەبەر سەرقاڵی خۆیان کەمتەرخەمی بنوێنن و ئاگایان لە هەرزەکارەکانیان نەمێنێ، دەرفەتی دەست پێڕاگەیشتن بەو مادانەوە بۆ هەرزەکاران ئاسانتر دەبێ.

*** سوود لە ماڵپەڕی میدڵ ئیست ئۆنلاین وەرگیراوە*.**